# کوردستان لە کوێی سیناریۆکانی گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدایە؟!

مەجید ساڵح

رووخانیبەعس لە عیراق، بەتەنیا نەمانی رژێمێکی ستەمکار وهاتنە سەرکاری رژێمێکی دیۆکراسی نیە لە ولاتێك کە هەر لە بناغەوە بە شێواوی لە دایك بوە.بەڵکو هاوکات لە گەڵ رووخانەکەی‌دا، کۆمەڵێك گۆڕانی بنەرەتی لە پێکهاتەی سیستەمە سیاسی وکۆمەڵایەتی وتەنانەت ئابوری و فەرهەنگیەکانی نەك هەر عیراق ،بەگرە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا.هیچ چاودێرێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی و یاخودئابوری ناتوانی بەپێوەرەکانی سەردەمی دەسەلاتداریتی سەدام حسێن پێوانەیەکی واقعیانەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بکات.روونتر بلێن،هیچ کات ئەم سعودیەی ئێستائەو سعودیەیە نییە کە دووساڵ پێش ئێستا هەبوو،رووداوەکانی ئەم دواییەش سەلماندیان تەنانەت ولاتێکی وەك سوریاش ناتوانێت لە بەردەم ئەو شەپۆلی گۆڕانانەدا خۆی راگرێت کە تاکودێت شەپۆلەکەی بە هێز وبە تینتر دەبێت.لە رووە ئابووریەکەشیەوە بگرین ئەو کرانەوەی کە لە بازارەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەیە،وای کردووە کالاکانی ئیسرائیلی باوك کوشتەی دوێنێی عەرەب،ئێستا لە زۆربەی ماڵە عەرەبەکان لە موحیتەوە بۆ خەلیج دەست بکەوێت،ومیوەی باخەکانی جنراڵەخانە نشینەکانە جولەکە لە عەلوەی زۆر لە ولاتانی عەرەبدا بە نرخێکی گونجاو کڕین وفرۆشی پێبکرێت.خۆ ئەگەر لە رووە کۆمەلایەتی و فەهەنگیەکەشەوە تەماشایەکی ئەو گۆڕانانە بکەین کە رووخانی سەدام حسێن لە گەڵ خۆیدا هێناونی،ناکرێت سەرهەڵدانی ئەو پەیوەندییەکۆمەلایەتیو فەرهەنگییەنوێیانە کە لە نێوان گەلانی ناوچەکەو دونیادا لە حاڵتی سەرهەڵداندان نادیدە بگرین .

لەراستیدا رووخانی پەیکەرەکەی سەدام لە 2003/4/9و نەمانی دەسەلاتەکەی لە عێراق، لەو تاکە بەردە دەچێت کە قەلایەك لە دواکەوتوویی ، نامرۆڤایەتی ،چەقبەستویی و تاریکی و....هتد لە سەر بونیاد نرابوو، هەر بە هەلکەندنیشی تاك وکومەلگاکانی نەك هەر عیراق، بگرە رۆژهەلاتی ناوەڕاست خۆیان لە بەردەم دەروازەکانی ئازادی ومەدەنیەت و بوون بە مرۆڤدا بینیەوە.سەرەڕای ئەوە هەموو کارە تێکدەرانەو ئەو هەمووکوشت وبڕانەی کە ئێستا لە ناوچەکانی عەرەب نشینی عێراقدا هەن(کە من پێموایە کاتیە و تەواو دەبێت)، رەنگە گەورەترین سودمەند لەرۆژانی پاش 2003/4/9 خودی عێراقیەکان بن، چونکە رووخانی سەدام بۆ عێراقیەکان بە تەنیا باش بوونی بارووذۆخی سیاسی وئابوریان نەبوو.لە عیراقدا هیچ رۆح وجەستەیەك موولکی خاوەنەکەی نەبوو، بەڵکوئەوەی بە سەر زیندوو بوو، کۆیلەی بنەماڵیەك بوو کە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوەبۆ (عۆجە).هەر بۆیە هاتنی دەبابەکانی ئەمریکا بۆ ناودڵی بەغدا،بە واتای ئازاد بوونی ملیۆنها سپارتاکۆس بوو لەم ولاتە.

ئێستا، بە دەگمەن عیراقیەك شك دەبەی بیەوێت بگەڕێەوە بۆ سەردەمی کۆیلایەتی،ئەگەر بەوردی تەماشایەکی ئەو جۆش وخرۆشانەش بکرێت کە سەرتاپای بوارە کۆمەلایەتی وسیاسی وفەرهەنگیەکانی عیراقی گرتوەتەوە،دەبینین لەماوەی ئەم دوو ساڵەی کە دەستی کۆیلەکردن هەلگیراوە،گۆڕانێکی پۆزەتیڤی گشتگیر لەوبوارانەدا رووی داوە.ژمارەی ئەو رۆژنامانەی کە بەئازادی ودور لە مەقەستەکانی سانسۆر دەردەچن دەیان جار زیاترە لەچاو باشترین ولاتانی دیموکراسی جیهانی سێیەم.ئەو رێکخراوە مەدەنیانەی کە گرێ نەدراوون بەحزبەکانەوە رۆژ لە دوای رۆژ و بەپێیگرنگیان وپێویسیان لە زیادبووندان وکاریگەریشیان وەك (گرووپی گوشار) لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت حقیقیە،نەك روکەش. بەهەموو واتاکان، کۆمەلگای عەرەبی عێراقی لەو ماوە کورتەی پاش رووخانی دیکتاتۆریەت، سەرەڕای هەموو کۆسپ ولەمپەرەکانی بەردەمی، بە شێوەیەکیتەریب و خێراو هاوسەنگ، خۆی لە گەڵ ئەو شەپۆلەدیۆکراسیەدا دەگونجێنێت کە رۆژهەلاتی ناوەڕاستی

گروەتەوە.ئەمەش رێك پێچەوانەی پێشبینی زۆرکەس بوو کە وای بۆ دەچوون عیراقێك کە( 35) سالّ لەدیکتاتۆیەت تێیدا بالاّ دەست بوبێت،(35)سالّی دەوێت بۆ هێنانەوەی بۆناو کۆڕی کۆمەلّگای نێونەتەوەی.

بەراست دەرنەچوونی ئەو پێشبینیە دەگەڕێتەوەبۆ کۆمەلّێك هۆکاری جیا جیا،لەوانە جگە لە بەرزی ئاستی هۆشیاری خودی عێراقیەکان، رەنگە بوونی چەندین رێکخراوی سیاسی کە لە قۆناغی بەرهەلّستکاری وحوکمڕانیاندا لەناوکۆمەلّگای عێراقیدا بنەماکانی دیموکراسی وکۆمەلّی مەدەنیان بلاّو دەکردەوە هۆکاری تر بێت.ئەوە جگە لە دەولّەمەندی ولاّتەکە و هۆکاری دەرەکی کە خۆی لە یارمەتیدانی ولاّتانی هاوپەیمانیدا دەبینێتەوە.

وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە،حالّی حازر لە چواردەورمان سیناریۆی ئایندەیەك لە حالّەتی داڕێژرانە کە ستونەکانی بریتین (دیموکراسی،کۆمەلّیمەدەنی،بازاڕیئازاد،کۆمەلّگای مەعلوماتی،میدیای ئازاد....).لە هەمووی گرنگتر گەلانی پێشکەوتووخوازی ناوچەکە بەهەموو گوڕوتینێکەوە لە ململانێدان لە گەلّ هێزە دواکەوتوەکانی ناوخۆی خۆیان بۆ جێنەمان لەو رەوتە، و رۆژ لە دوای رۆژ سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.لە هەمانکاتدا دەرگاکانی ولاّتانی پێشکەوتووخوازی رۆژئاوایی لە سەرپشتن بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری وهاوپەیمانی.بەلاّم ئایا کوردستانەکەی ئێمە لە کوێی ئەو گۆڕانکاریانەدایە کە بەخێراییەکی بەرچاو روو دەدەن؟

ئەگەر بەوچاوە تەماشای بوارە سیاسی وکۆمەلاّیەتیو ئابوری وکولتورییەکانمان بکەن، کەلە چواردە سالّی رابردوودا بە هۆی دورە دەستی لە دیکتاتۆریەت، ئامادەباشییەکی زۆری تێدایە بۆ خۆ گونجاندن لە گەلّ پێشهاتەتازەکان وخۆ نوێکردنەوە،ئەوا هیچ زیادەڕۆییەکمان نەکردوە.چونکە لە حەقیقەدا ئەم چواردە سالّەی کە گوزەشت،ئێمەی کورد لە هەموو ئەو بوارانەی کەناومان هێنان لە چاو هەلومەرجیناوچەکەدا هەندێك پێشکەوتنمان بە دەست هێناوە،ئەو سەنگ وقورسایەش کەئێستا لە سەر ئاستی عیراق وهەرێمەکە و جیهاندا هەمانە، تا رادەیەکی زۆر بەندە بەو هێندە پێشکەوتنەوە.

بەلاّم ئایا گەرەنتی چییەکە ئێمەلە ئایندەشد هەمان سەنگ و قورسایمان دەمێنێت؟!لە راستیدا گۆڕنکاریەکان وسیناریۆکە هێندە بە پەلەوخێرا دەچێتە پێشەوە، هیچ گەرەنتیەك نیە بۆ ئەکتەرە پالّەوانەکانی ناو ئەم سیناریۆیە کە سبەی دوو سبەی نابنە کۆمبارس،یاخود هەر لە گەمەکە دەرناکرێن.بەمانایەکی تر با ئێمە ئەمڕۆ جێگەوپلەوپایەی خۆمانمان هەبێت لە لای داڕێژەرانی سینایۆی ئایندەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست،بەلاّم هەرکاتێك یەکێکی تر لە ئێمە شارەزاتر ویاریزان تر هاتە پێشەوە،بێ هیچ گومانێك رۆلّەکەی ئێمەی پێدەدرێت.خۆشبەختانە نەیارانی ئێمە تاکە ئێستا لە بەرەی دژ بە رەوتی سیناریۆی رۆژهەلاّتێکیناوەڕاستی گەورەو ئارام وئازاد ودیمۆکراسیدان،ئەمەش زەمینەی خۆشکردوە تاکو بۆ ئێمەی کورد هەلی دەرکەوتن و رۆلّ بینین برەخسێت.لێرەدا پرسیارێك سەر هەلّدەدا کە ئاخۆ ئێمە چی بکەین بۆئەوەی هاوتەریب لە گەلّ کاروانەکەدا بمێنینەوە؟

ئێمە باسمان لەو ستونانە کرد کەسیناریۆی ئایندەی رۆژهەلاّتی ناوەراستی لێ پێك دێت،کە خۆی لە(دیموکراسی وکۆمەلّی مەدەنی وبازاری ئازاد.....)دەبینێتەوە،بۆ وەلاّمی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەبێ بە پرسیارێکیتر لەخۆمان دەست پێبکەین کەئاخۆ کۆمەلّگای ئێمەودامەزراوە مەدەنی وحکومییەکانی تا چ رادەیەك ئەو پرەنسیپانەیان تیدایە،یان بەلای کەمەوە لە هەولّی جێبەجێکردنیاندان؟گەر خۆمان هەلّ نەخەلّەتێنین وبە چاوی رەخنەی بونیادنەرانەوە بڕوانینە تێکرای دامەزراوە حکومی وحزبیو پیشەییەکانمان وئەوانەی کاری تێدا دەکەن،دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زۆر لە سەرەتادان وهێشتا هەنگاوی گرنگ وپێویست ماوە نەنراوە.خۆ ئەگەر ئەزموونی چواردە سالّەخۆمان لە گەلّ ئەزموونی ئەم دووسالّەی بەغدا بەراورد بکەین ،بەداخەوەسەرەڕای نائارامیەکانی وا خەریکە بەغدا پێشمان دەکەوێت(گەر بە چاوی پێش بڕکێوە تەماشای بکەین).

لێرەوە دەکرێت بلّێین بەبێ خۆ ئامادەکردن وگۆڕانێکی گشتگیر لە پێکهاتەی حزب وحکومەت و رێکخراوە جەماوەری ودیموکراتیەکانمان،کە هێشتا بەشێوازی سەردەمی شەڕی سارد و ولاّتانی کۆنەسۆسیالیست کار دەکەن ،هەرگیز ناتوانین لە

ریزی پاڵەوانـەکانی ئـەو سـیناریۆیەدا بمێنینـەوە کـە سـەرلە نـویێ نەخشـەی ناوچـەکە دادەرێژنـەوە.یەکخسـتنەوەی هـەردوو ئیدارەکەش هەلێکی باشە بۆ پێداچوونەوە بە هەموو کەموکوڕیی وباشیەکانی هەردووئەزموونەکە.

ئەوەی چاودێری پرۆژەی(ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەو باکوری ئـەفریقا)ی کردبێـت کەلـە لایـەن ئـەمریکاو و لاّتـانی تـری (G8)وە بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ئەو هەرێمانە دانراوە،دەزانێت کە بودجەیەکی خەیاڵی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە.ئێستا ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ئەو ولاّتانەی کە دەکەونە ئەو پانتاییەوە لێی سود مەندن.بەلاّم بەداخـەوە سـەرەڕای بـوونی چـەندین کەناڵی نزیك و دور بۆ پـەیوەندی بەستن لە گەلّ ئەو ولاّتانـە کەچـی هێشـتا ڕێکخـراوە مەدەنیـەکانی کوردسـتان بـە گـوێرەی پێویست سودیان لەو پرۆژەیە وەرنەگرتوە.ئەمەش دەبێتە هۆی پاشکو بوونی زیاتری ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ئێمە بـە حـزب وحکومەتەوە.بە مانایەکی تر تـا ئەوکاتـەی سەرچـاوەی دارایـی ئـەو ڕێکخراوانـە لـە حـزب وحکومەتـەوە بێت،نـاتوانن ڕۆڵـی مەدەنیانەی خۆیان وەك پێویست بگێڕن.لێرەشەوەیە کە چەق بەستن دروست دەبێت وکۆمەڵی مە ناتوانێت هاوشان لـە گـەلّ کۆمەلگاکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا بەرەو پێشەوە بچێت.